# نانەکەت بخۆ ، خوا چاکی کا

( بەشی دووەم )

حاجی ئەنوەر 06.2005

و حکومەتی عێراق هێزی موشتەرەکیان داناوەو جموجوڵی سیاسی و کۆبونەوە بەردەوامەو زۆرجار ڕێکدەکەویت گفتوگۆلەگەڵ سەربازەکاندا دەکرێت و تەقەمەنیشیان لێدەسەنرێت ، خۆدزینەوە لەو کارە جۆرێکە لە ترسنۆکی و شانخالّی کردنەوە بەرامبەر بەردەوامبونی ڕاپەڕین .
برادەرە خۆێندەوارەکەم کە ئێستاکە بەرپرسەو ووتی تاکەی وازلەم قسەقۆڕانە نەهێنی بڕیامم داوە کە لادێیی ( من بۆ خۆم تامردن خۆم بە قەرزاری خەڵکی لادێکان دەزانم ) رایکرد ڕادەکەم ، گەڕانەوە بۆ شار دەگەڕێمەوە ، ڕاپەڕینیان کرد ڕادەپەڕم ، دەزانی بۆ ؟ چونکە ئەوان عەقڵیان 200 ساڵ پێش عەقڵی ئێمەیە . یەکسەر ئەو ڕستەیەم هاتەوە یاد کە ڕۆژانە لە لە دێهاتەکاندا خەڵکی ماندو ڕەنج کیشی کاتێک دابەشیان دەکردین بەسەریاندا و پێش خواردنی ئەو نانەی کە بۆ خۆیانیان دروست کردبوو ، دەیانخستە بەردەمی ئێمە و ئێمەش دەمان کردە چەنەبازی و پۆزلێدان بەسەریاندا هەبوو بەهانەی پڕوپوچی درۆزنانەی دەهێنایەوە بۆ ڕەوابوونی شەڕی کورد کوشتن و ژمارەیەکیش کە کەمایەتی بوون دژ بەو شەڕە دەئاخەفتن ، وەک ئەوەی ئەوخەڵکە بێ ئاگا بن لە ژیان ، بۆیە دەیان ووت <u>نانەکەت بخۆ خواچاکی کا</u> , من بۆ خۆم یەکێک بووم لەو کەسانەی کە لە ماڵە گوندنیشینەکاندا ئاخاوتنم زۆر دەکرد ، ئاواتێکی زۆر گەورەم بوو ڕەنجی ئەو گوندنیشینانە بە فیرۆ نەچێت و بتوانن کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکاندا هەبێت لانی کەم بتوانن ڕێگالەشەڕی کوردکوشتن بەدەستی کورد بگرن ، بەلاّم دیاربوو ئەوان زۆر لە ئێمەی سەرڕووتەی شارنشین هۆشیار ترو خاوەن ئەزموونتر بوون هەر بۆیە دەیانزانی ئەوکارە لە توانای مرۆڤی کوردانیە مەگەر <u>خواچاکی کا</u> . من تالەدێهاتەکان و شاخدا بووم نە باوەڕم بەو وەلاّمەیان دەکرد و نەتێیشیان گەیاندم بۆ ئەبێت تەنها خواچاکی کا . ئەگەر بلێم ئەوان پەرتوکەکانی شۆڕشی ڕوسیاو چین و فەرەنساو جەزائیر .... خویندوەتەوە !!!! بە دڵنیایەوە زۆربەی هەرەزۆریان نەیانخوێندوەتەوە . ئەوەی ئەوان بیریان بێت لە زەمانی مەلیکی ونەمران ( شێخ محمودی حفیدو قازی موحەمەد و مەلاموستەفای بەرزانی) تێناپەڕێت ، ئەی بۆ وادەڵێن ؟؟؟؟ . بۆیە ناچار بووم بگەڕێم بە دوایی وەلاّمەکەدا ، لەڕێگایی زۆرترین پرسیارو ئاخافتندا .
مامۆستامەلامارفی گامێش تەپە یادی بەخێر بێت کە دۆستیکی زۆر نزیکم بوو کە ئەوکاتە لە تەپی سەفا دەژیا و کەسێکی چەپ بوو ، وەک کاک دکتۆر کەمال شاکر بۆی باسکردم چەند ساڵێک ئەندامی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بووە ، زۆر حەزی دەکرد مامۆستا پشکۆ ( پشکۆ نەجمەدین ) بناسێت و ووتی ئەگەر هاتنە ئەم ناوە لەگەڵ مامۆستا پشکۆدا سەردانێکم بکەن تۆزێک سەرتان دەیەشێنم و کەوچکێک شۆرباش پێکەوە دەخۆین .
هاوینی 1981 بوو خەڵکی چەند گوندێکی هەورامان لەترسی تۆپبارانی شەڕی عێراق و ئێران ئاوارەی دەشتی شارەزوور بوو بوون و کەپریان هەلدابوو لە دەوروبەری گوندەکان ، واڕێکەوت دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە گوندی تەپی سەفا و مامۆستا مەلا مارفم ئاگادار کرد خۆم و

میوانێکی تری ناوەخت میوانتانین ، پێش نان خواردن و لەکاتی نان خواردندا لەنێوان هەردوو مامۆستادا ئاخافتنێکی گەرم دروست بوو ، منیش جارجارە بەشداریەکم دەکرد ، کاتی ئەوە هاتبوو کە بڕۆین مامۆستا فەرموی ( من و حاجی) بێ عەقلین ، ئەگەر ئەقڵ لە توانایی ئەقڵی ئاژەڵ دەرنەچێت بێ ئەقڵیە ، جیاوازی مرۆڤ و ئاژەڵ لەوەدایە یەکەمیان توانایی بیرکردنەوەو داهێنان و گۆڕانکاری هەیە ، هەقوایە من لەباتی ئاوی گەرم کۆکەی ( کۆکا کۆلا ) سارد بخۆمەوەو حاجیش لەباتی مشتی کلاشنکۆف مشتی لادە ( سیارەی لادا ) بگرێت بورجوازی هەربۆرجوازیە ، شۆڕشگێرو کۆنەپەرستی وەک یەکن ، ئەگەر ئەمڕۆ ئدعایی شۆڕشگێڕی دەکەن ، سبەینێ کە دەستەڵاتیان گرتە دەست پاروە نانی ناودەمیشمان دەفڕێنن ، من مردوو هیوادارم ئێوە بمێنن تا ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆتان ببینن کە ئەو جاشانەی وەک حەمەخان و ڕەشەی سالە کە ئێستاکە دەچن چەند سەعات لە کەمیندا بۆیان دادەنیشن !!!! ڕۆژێک دێت تەشەبوسیان پێدەکەن ، چونکە دنیا هەرواهاتوە دڵسۆزەکان تیا دەچن و حەرامزادەکانیش باش دەلەوەڕن . من ئەوکاتە سەرەتایی تێگەیشتنم بوو لە هەندێک نهێنی دنیاو و دەکەوتمە دەریایی